www.regayrasty.com

بسم الله الرحمن الرحيم

مرۆڤ لە دووتوێی ئاینی ئاسمانیدا

مژدەدانی  ئینجل وتەورات بۆ هاتنی

(موحەمەد)صلى الله عليه وسلم

سەرەتا:

لەدوای باس و لێکۆڵینەوهیاکی زۆر لە چەند لایەنێکی تراژیدیای مرۆڤایەتیمان خستە بەرچاو کەم تا خۆر باسمان لە سەر ئاینی زەردەشتی و بیروفکری کۆمەنیستی ویان بە گشتی فکرە چەپەکان.

لە دوای تێرامانمان بۆ ئەم فکرانە ماوە بڵێین سەرەی یەهودیەت ومەسیحیەتە.

کە دوو ئاینی سەرەکی جیهانن بۆشتان دەرکەوت لە سایەی شارستانی ماتریالیستی ئەو سارستانیەتەی کە پرواى بە گەورەی یەك خوای پاك و بێگەرد نییە کەم تا زۆر دەست نیشانی ئەوەشمان کرد.

لە ڕووی عەقڵانیەتەوە بون وبنەماکانی ئیسلاممان سەلماندوە و وە خۆشی فەرز کردوە بەسەر کۆماڵانی خەڵکدا.

ئێستاش پێویست دەکات بۆ میللەتەکەی خۆم دەربارەی ئاینەکانی تریش وەك یەهودی و مەسیحیەت لێرەوە کەم تا زۆر لە گۆشەنیگای( ماکوان) وەوە دیارە (ماکوان) وەك فکر دەڵێم بخەینە ڕوو، وە زانیاری تەواوەتی لە ڕێگای ئاینەکەی خۆیانەوە بەدەست بێنین وبە ئینساف و بێ هیچ پێچ و پەنا کە ئەم دوو ئاینە پەیامە حەقیقیە راستییە کە لە ئاسمانەوە هاتوە بۆ دوو پێغەمبەر کە (موسا و عیسا) (درودی خوایان لێبێت) وە دەمانەوێت سۆراخێك بکەین یان گەشتێك بە ناو دەقەکاندا وە ناوەرۆکی ئاینەکەیان بپشکنین.

گومانیشی تێدا نییە هەموو ئاینەکان دیارە مەبەستمان ئەو ئاینانەیە کە لە ناو قورئاندا بانگێشتی بۆ کراوە، وە هەمووی حەقیقەتن لە یەك ڕیشە و سەرچاوەوە هەڵقوڵاون.

یان تەنها جیاوازیەن لە هەندێ ئەحکام ویاساو ئەرکی سەرشان و ڕێکخستنی ژیان و مرۆڤایەتی دا هەیە.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەی من شاهیدێکەی پاشای حەبەشەی مەسیحیەکانتان بیر دەهێنمەوە

کە کاتێك موسڵمانەکان کۆچیان کرد بۆ ئەو جێگایە یەکێك لە هاوەڵەبەڕێزەکانی پێغەمبەر (درودوو سڵاوی خوای لێ بێت) چاند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی بۆ خوێندەوە ئەویش ئەم شاهیدیەی دا کە ووتی ئەوەی کە گوێ بیستی بووم لە قورئاندا هاتوە (ئەمە ئەوەیە کە عیسا  هێناویەتی)

لە یەك سەرچاوە دەردەچن.

گومانیشی تێدا نییە هەر لە ئادەمەوە تا خاتەم هەموو پەیامبەران بەتەیبەت ئەوانەی کە خاوەنی پەیامی گەورە بوون. مەبەستم لە پەیامی گەورە واتا خاوەنی پەرتوکی ئاسمانی بوون. ڕێگەیان بۆ پێغەمبەرانی دوای خۆیان خۆش کردوە تاکو ڕەوتی هیدایەت و ڕێنوێنی بۆ مرۆڤایەتی ببەستنەوە لە مرۆڤەوە بۆ خوای گەورە واتا ئیشی هەموو پەیامبەرەکان ناساندنی پەیامبەری دوای خۆیان بوە. کە تا بنچینەکانی پەیامبەری داهاتوو لە کۆمەڵگەدا بە کۆمەڵانی خەڵکی داهاتوو بناسێنێ تا ئامادە بکرێن بۆ پەرستش دیارە پەرستشی خوای پاك و تەنها.

ئەم ووشانەی کە دامان بە گوێی ئێوەدا دەبێ لە ووتەکانی مندا وا دەربکەوێت کە بیسەلمێنم بۆ ئێوە لە تەورات و ئینجیل دا ڕێ خۆسکەر بوە بۆ پەیامی ئیسلام وە ئایا هیچ باسێك کراوە کە ئیسلام دوا پەیامە وە (محمد)یش (درودوو سڵاوی خوای لێ بێت) دوا پەیامبەرە.

لەبەر ئەم هۆیە پێویستە لەسەر مەهوو مرۆڤێك کە خوێنەری ئەم باسەی منە دەبێ بۆ خۆی ئەم پرسیارانە لە ئەستۆ بگرێ وە بە دوای ڕاستیەکاندا بگەڕێ ئەگەر کەسێکی دیندار بوو وەك ئەرکێکی قیامەتی ئەگەر کەسێکی خۆ بەڕۆشنبیر زانە بۆ دەوڵەمەند کردنی زانیاریەکانی خۆی با لەلای بمێنێتەوە، وە ئایا ئەم نوسینەی من تا چەند ڕاستە مەبەستیشم زیەتر لەوەیە کە هەموو مرۆڤێك بەرپرسە لە چارەنوس و بەدیهێنانی بەختەوەری و کامەرانی بۆ خۆی ئەمە لە ڕووە ئەبیستمۆلۆژیاکەوە واتا ژێرخانە مەعریفیەکان لەوانەیە پرسیارەکە بە دیوێکی تردا وا لێبکەین کە ئەگەر هیچ کەسێك خاوەنی زانیاری نەبێت لەسەر هەر بیرو بۆچون و یاخود ئاین و ئایدۆلۆژیاو یان فکرو مەنهەجێك زۆر عەیبە کە دوای بکەوێت وە یان ئەگەر زانیاری لەسەر نەبێت وە قسەشی لەسەر بکات ئەوە لە هەمووی عەیبترە کورد ووتەنی (عوزر لە قەباعەت خراپترە) وەکو عەرزم کردن ئێمە دەزانین کە ئەمڕۆ سێ ئاینی گەورەی خودایی وان لە بەردەستماندا.

یەکەم: ئاینی یەهودی کە پەیامبەرەکەی (موسا) (سەلامی خوای لێبێت) بووە ئێستا کەسانێك پەیرەوی ناکەن جگە لە پاش ماوەکانی بەنی ئیسرائیل نەبێت کە سەرجەم ژمارەیان لە جیهاندا ناگاتە (20)ملیۆن کەس چونکە جولەکەکان کردویانەتە ئاینێکی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیستی کە سەر بە ئیسرائیلن واتا لە نەوەی (یعقوب)ن گومانیشی تێدا نییە لە ڕووی فکرەوە کە ئەمە دینێکی دەمارگیریەوە دەرگا لەسەر خۆ داخستنە.

دەمارگیری و داپڕان دەروێنێ لە ناو خەڵکیدا وە خەڵکی فێری دوژمنایەتی دەکات ئەم ئەینەی کە بۆ (موسا) ( سەلامی خوای لێبێت) هاتوە کە پەیامەکەی تەوراتە هەموو دەقەکانی هەڵشێوێنراون بەسەر یەکتریدا .

ئەو کتێبەیە کە ئەمڕۆ فڕی بە سەر کتێبی خواوە نەماوە.

واتا دروست کراوی دەستی ئەحبارەکانە ئەتوانین پێی بڵێین ئاینی ئەحباری.

چونکە ئەو پەیامەی کە لە تەوراتی ڕاستیدا هاتوە ئەو پەیامە نییە کە ئێستا لەم تەوراتەدا هەیە وە پەشان باسی دەست کاری کردن و دەقکانی یەك بە یەك دەکەین ئەمە تەنها سەرەتایەك بوو بۆ چونە ناو ئەینی یەهودیەتەوە.

دووەم: ئاینی مەسیحی ئەم ئەینەش لە پاش مەسیح( سلاوی خوای لێبێت) دوچاری گۆرین
وەدەستکاری وشێواندن بوو لێکۆڵەرەوان لە کاروباری مەسیحی دا خۆیان دانیان بەم ڕاستیەدا ناوە خۆیان ئەو ئەنجامە خەتەرناکەیان بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێن گوایە ئەو بۆچونانەی کە لە ئەینی مەسیحی دا هەیە بۆچونەکانی باوکە( پۆڵسە) .

ئەمەش لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی تێدا نەماوە هەر هەمووی دەستکاری کراوە لەسەر دەستی پۆڵسی جولەکە.

سەرەتا پێم خۆشە مێژوویەکی (پۆڵس)باس بکەم کە کێ یە و لە کوێ وە سەرچاوەی گرتوە دیارە کە (پۆڵس) ناوی (شائول)ە لە ڕەگەزو نەژادی ڕۆمانیە لە ڕەچەڵەکدا، لە قودس خویندویەتی وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد لەسەر ئاینی یەهودی پەروەردە و گەورە بووە. لە ناو خەڵکیشدا بە کابرایەکی باوك دۆست و نیشتمان پەروەر ناسرابوو وە ماسیحیەکانیشی دەچەوساندەوە لەو سەردەمەدا.

پۆڵس خۆی یەکێك بوو لەوانەی شایەدی بەرد بارانکردنی (ئیستفانۆس) بوو وە خۆشی بەشدار بوو لەو کاتەدا.

ئیستفانۆس لەلای مەسیحیەکان بە شەهیدی یەکەم و پیاوێکی گەورە دەناسرێت لە ساڵی (30)ی
زاییندا لە لایەن ڕۆماوە داوای لێکرابوو کە بچێت بۆ دیمەشق بۆ بەرەنگاری کردنی مەسیحیەت بەڵام دواتر وای بڵاو کردەوە کە مەسیح هاتۆتە لای و کاتێك کە چوە بۆ دیمەشق، گوایە مەسیح پێی ووتوە بۆ دەم چەوسێنیتەوە ئەویش لە دیتنی ئەو نورەی مەسیح سێ ڕۆژ کوێر بووە و پاشان چۆتە ناو دیمەشق و لەوێ چاوی کراوەتەوە ئیتر لەو سەردەمەوە چاو و دڵی کەوتۆتە کار وە دەست بەکار بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیح.

بەڵام لە ڕاستیدا مێژوو نوسان دەڵێن کە ئەمە فێڵ بووە بۆ ئەوەی دەستور وئەحکامەکان بگۆڕێت و بە بیرو بۆچون و داهێنانێکی نوێ بیان نوسێتەوە کە ئەویش بریتیە لە بیری سێگانە (الثالوث).

بزانین چۆن گۆرانکاری و دەست کاری لەهەردوو ئاینی یەهودی و مەسیحی دا کراوە گومان لەوەدانیە کە ئێمەی موسڵمان هەردوو پەیامە ئاسمانیەکە بە نێردراوی خوای گەورەی دەزانین وە گومانیشمان لەوەدا نییە کە دەست کاری کراوە، واتا ئەم دوو ئاینە ئەتوانین بڵێین بیرو بۆچونی قەشەکان و ئەحبارەکانە کە جگە لە داستانی ئەفسانە و شتی ناواقعی شتێکی دیکە بەرچاو ناکەوێت تیایدا.

کاتێك کە سەیری چەمك و دەقەکان دەکەین لە هەردوو پەرتوکدا تێگەیشتنێکی ووشك و زشت و شێواوی پێوە دیارە بە هیچ جۆرێك بیری ئیمان و باوەڕ ناتوانێت تەعبیر لە بانگەوازی پەیامی ئەو پەیامبەرە ناکات جا بۆ زیاتر باس کردنی ئەم باس و بابەتە با سۆراخێك بە نااو تەورات و ئینجیلی ئەم ڕودا بکەین بە باشی سەرنجیان بدەین و لێیان بکۆڵینەوە تا بزانین بەرجەستە ترین و زەق ترین نیشانەکانی گۆرین و دەستکاریەکی ڕوون و ئاشکرای پەیامی مەسیحی لەوەدا دەردەکەوێت کە یەك ئینجیل هاتۆتە خوارەوە بۆ (عیسا) (سڵاوی خوای لێبێت) کەجی ئێستا بە چوار ئینجیل ناسراو و بەناوبانگە سەرباری بەکار هێنانی دەیان ئینجیلی دیکەش هەمووی لافی ئەوە دەدەن لە ئینجیلی ئەوان سروشتێکی خوایە لە کاتیکیشدا کە هەموو ئینجیلەکان لە ڕووی گیان و ئایدیاو بیرو بۆچونەوە هاتۆتە خوارەوە بۆ (عیسا) (سڵاوی خوای لێبێت) بۆیە دەپرسین کە ئەم ئاینە ئاینێکی

لۆژیك نییە دەكرێ بپرسین لە مەسیحیەكان ئەم دوو ئینجیلە لە كوێوە هاتوون تكایە وەڵام وە هەموشی بیری سێگانە دەخاتە ڕوو واتا باوك و دایك وە ڕۆحێكی پاك. كە لە ڕاستیشدا پێغەمبەر مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) بانگەوازی بۆ یەكتا پەرستی كردوە.

ئەگەر دیقەتی چەند دەقێكیش بەین ئەگەرچی گۆڕانكاریشیان پێوە دیارە دان بە یەكتا پەرستندا دەنێت لە وانەوەیە كە لە (یوحەنا) دا ڕیوایەت كراوە كە دەڵێ [ ژیانی هەتا هەتای ئەو ژیانەیە كە بتان ناسن بەوەی كە تەنها تۆی خوای حەقیقی و ڕاستەقینە یەسوعی مەسیحیش هەر تۆ ناردوتە]ئەمەس ئەوە دەگەیەنێ كە خوا تاك و تەنهایەو مەسیحیش فرستادەی خوایە هەروەها (مەرقەص) لە بەشی دوانزەهەمی ئینجیلەكەی خۆیدا هەمان شایەدی یەكتاپەرستی لەچەند جێگایەكدا دەدات دەڵێ[یەكێك لە هۆشمەند ونوسەرەكان لە یەسوعی پرسی دەربارەی یەكەم وەسیەت و ڕاپرسی، ئەویش وەڵامی دایەوە، ووتی یەكەم وەسیەت وراپرسی ئەی بەنی ئیسرائیل گوێ بگرە پەروەردگار خوای ئێمەیە ئەویش یەك خوا و پەروەردگارە نوسەرەكە پاشان پرسی ووتی ئەی مامۆستا؟ كەواتە ئەویش یەكێكە وە جگە لەویش یەكێكی ترنییە كاتێك یەسوع بینی كە ئەو بە ئەقڵ وەڵامی دەداتەوە ووتی تۆ لە فریشتەكانی ئاسمان دوور نیت]، بەلام ئایدیای شێواو دەستكاری كراوی پۆڵس هەموو چەمك ومەفهوم و حەقیقەتی یەكتا پەرستییە سڕیەوە پاشماوەی یەهودی خستە ناو واتا ئایدیای سێگانە( سێ خوای) خستە ناو.

پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بكەم ئەو بەڵگە ڕونانەی كە نیشانەی دەست هەڵبەست وگۆڕینی ئاینی مەسیحی و یەهودین بریتین لەم بەڵگانە.

یەكەم: لە ناوبردنی بیری یەكتاپەرستی هێنانەكایەی بیری بت پەرستی وەك شرك و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە لە هەمووی نەگبەتی تر جەستەدار كردنی خوا واتا خوا موجەسەم بكرێت لەوەش ماڵ وێران تر كە مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) بكرێت بە خوا یان كوری خوا.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەگەر جوان وورد بینەوە لە ئاینی ماسیحی كوت ومت لێكچونە لەگەڵ بت پەرستی باوی سەردەمی ڕۆمەكان. كەلە ڕاستیدا ڕووی بێگەردو درەخشانی ئینجیلیان شێواند هەرچی بیری زشت و شێوا و بەناو ئەیدیایەكی نوێ خرایە ناو ئینجیلەوە كە هەمووی دەقی نامۆو دوور لە ڕستی نیشان دەدات كە دوورە لە بێگەردی ئینجیلی ڕاستەقینە لای هەموشتان ئاشكرایە لە هەر سەردەمێكدا ڕاهیبێك و قەشەیەك با ئارەزوی خۆی نوسیویەتیەوە، وە بەكار كردنە سەر ئەو شارستانیەتیانەی كە لە سەریان بووە ئەگەر دیقەتی ئاینی مەسیحی بدرێت هەر لە كاتۆلیك و پرۆتستانت و ئۆرتۆدۆكس لێكچوی ئاینی ئەقدومیەكانە یان ئاینی كریشنا یان ئاینی هیگنی كە ئەم ئاینانە دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی یەك بوونی باوك و كور كە سەرچاوەكەی ئاینی كۆنی بەرهەمی یە كە لە حەزارەتی ڕۆمەكان سەرچاوەی گرتوە هەرچەندە دەڵێن كە ئەم ئاینانە لە هیندستان و وولاتی پارسەوە هاتون.

دووەم: بریتیە لەو بەڵگەیەی كە ئەم ئاینانە سەدت كاری كراون كە ئێستا لە دەستی جولەكە و گاورەكاندان بەوەی كە پێغەمبەران بە خراپەكار و زینا كارو مەی خۆر و شەرواڵ پیس ناوخەنگ دەكەن كە لای هەموشتان ئاشكرایە كە پێغەمبەران پاك و بێگەردن كە تەورات و ئینجیل شێوێندراون و پرن لەم چەشنە تانەو تەشەرانە. بۆ نمونە لە تەوراتدا هاتووە لە باسی داستانی لوط پێغەمبەردا (سڵاوی خوای لێبێت) كە لەگەڵ دوو كچەكەی خۆیدا لە چیا لە بەشی نۆزدەهەمی

سەفەری کە بریتیە لە ( پێکهاتن واتا التکوین) هاتووە کە [خوشکە گەورەکەی بە خوشکە بچوکەکەی ووت خۆت دەزانی کە باوکمان پیر بووە لەم سەرزەویەشدا پیاوێك نییە بێتە لامان واتا لەگەڵمان جووت بێت وەرە با پێکەوە مەی دەرخواردی باوکمان بدەین و لەگەڵی جوت بین تا وەچەیەك لە باوکمان بخەینەوە کە دوو شەو مایبان دەرخواردی باوکیان دا وە هەردوو کچەکەشی لەگەڵیا جووت بوون، وە هەردوکیان سکیان لە باوکیان پڕ بوو گەورەکەیان کوڕێکی بوو لە باوکی ناوی نا "موئاب" کە بە باوکی موئابیەکان ناسراوە وە بچوکە کەشیان کوڕێکی بوو ناوی نا "بن عەمی" کە ئەویش بە باوکی بەنی عەمون ناسراوە] هەروەها لە بەشی یازدەهەمی بابەتی "سمۆئیلی" دوەمدا هاتوە کە پێغەمبەر داود (سڵاوی خوای لێبێت) لەگەڵ ژنەکەی "ئۆریای" موجاهیدی باوەڕدار کە لایەنگری خۆی بوو زینای لەگەڵدا کردوە دەڵێ کاتێکیش کە ویستی خۆی لە ئۆریا ی ڕزگار بکات ناردی بۆ جەنگ لەبەرەی پێشەوە دایناو کوژرا ئەویش دەستی گرت بەسەر ژنەکەیدا. هەروەها لە بەشی (38)دا لە تەوراتی سەفەری پێك هاتن واتا تەوراتی "تکوین" هاتوە کە (یەهوزای کوری یەعقوب) زینای لەگەڵ ژنی کورەکەی خۆیدا کرد کە ناوی "سامار" بوو دەڵێ [ژنەکە لە یەهوزا سکی پڕ بوو دوو کوری لێی بوو ناوی نان "فارص" وە "زارح"] جا ئینجیلی مەتا لە بەشی یەکەمدا کێشەکە لەوەدایە کە نەسەب و ڕەگەز و نەژادی یەسوعی مەسیح و سولەیمان پێغەمبەر و داودی باوکی سولەیمان (سڵاوی خوا لەسەر هامویان بێت) لە وەچەی "فارص" ناوزەنگ دەکات لە ئەنجامی زینای یەهوزا لەگەڵ ژنەکەی "سامار"ی کوری خۆیدا کردی .

هەروەها بەشی یەکەمی کتێبی ( هۆشەع )دا هاتووە کە یەکەم قسەی خوا کە کردی لەگەڵ هۆشەعدا:- ووتی پڕۆ بۆ خۆت بەزینا ئافرەتێك بدۆزەرەوە هەر بەزیناش چەند منداڵێکی لێبهنە بەرهەم ، چونکە زەووی هەموو بۆن بەزینا کار و وازیان لە خوا هێناوە، ئەویش چوو (جومرەی کچی ویلامی ) گرت و سەرنجام سکی پڕ کرد کە دوو کوری بوو بە ناشەرعی واتا بە زینا.

هەر لە بەشی سێهەم هاتوو کە دەڵیت بە هۆشەع ئافرەتێکی تر لە بەنی ئیسرایل بۆ زیناکاری بەکار بێهنە، هەروەها لە بەشی دووهەمی ئینجیلی یوحەنادا هاتوە دەڵێ گوایە......

مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت ) چووە بۆ لای کورێك کەزەماوندی هەبووە کورەکە مەی وشەرابی لێ پڕاو بوو ئەویش بە موعجیزەیەك شەش کوپ شەرابی هێنایە بەردەست .

لە بەشی یەنزەهەمی ئینجیلی لوقادا هاتوە کە مەسیح مەیخۆرێکی زیادە ڕەو بووە .

لە راستیدا ئەم جۆرە ووتەنە دەست هەڵبسراوی خۆیانەو دوورە لە ڕوخساری پاکی ئینجل وتەوراتەوە.

سێیەم:- بریتیە لەوەی کە فەیلەسوکان و یان بیرمەندەکانو مێژوو نوسەکان لەبارەی ئاینەوە چۆن دەدوێن یان پیاوانی ئاینی خۆیان، بۆنمونە (نیچە)لەم بارەیەوە دەڵێت لە مەڕ یەو جیاوازیانەی کەلە نێوان ئاینی مەسیحی وهەڵبەستراوەکەی (پۆڵس)دا دەڵێت:-بانگەوازی مەسیح لەراستی و جەوهەروناوەرۆك دا بانگەوازێکە بۆ سیستەم و هێزو دەسەڵات،بەڵام (پۆڵس)گۆری بۆ ئاینێك کە بۆتە لانەی ترسنۆك و تۆقیوەکان.

وە بەردەوام دەڵێت :- پۆڵس بە وە ناوزەنگ دەکات ناوی لێناوە (باسکاڵی یەهودیەت) چونکە پڕوای پۆڵس لەسەر بنەمایی فرتو فێڵ و ئەفسانە ئاینە کۆنەکان دامەزراندوە.

کۆڵن یولسن:- ئەو لەسەر مەسیحیەت دەڵێت مەسیح ووتوێتی خۆت سەروەرو گەورەی خۆت بە بەڵام بە جارێك پۆڵس ئەم بیرو باوەڕەی هەڵتەکاندوەو گۆریویەتی لەسر بنەماراستی خۆی نەماوە بۆیە نمونەی نامەکەی پۆڵس دینێتەوە کە بۆ ڕۆمای ناردوە ئەم وتەیەی تێدا نوسیوە.

[با هەموو کەسێك سەر بۆ دەسەڵات داران دابنەوێنێت، چونکە دەسەڵات نایەت تاخوا نەی نێرێت وەهەر کەس لە ڕووی دەسەڵات داراندا بوەستێت کەواتە ئەو کەسە لە ڕووی دەسەڵاتی خوادا وەستاوە] ماوەتەوە بڵێن بیروباوەڕی ئێستای مەسیحیەت لە سەر بنەمایی دەستورەکانی مەسیح(سڵاوی خوای لێبێت) دانەمەزراوە بەڵکو لەسەر ئەو ئیدیاو بۆچونە خورافیەی کە پۆڵس دایهناوە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی شتێکتان بیربخمەوە کە ئازادی خوازان دەڵێن مەبەستی ئسلاحی ورێفۆرمی پرۆتستانتی بەقانزاجی بیری ئاینی مەسیحی بوو!

بەڵام بەداخەوە لەڕاستیدا وانەبوو

بەڵکو بە قانزاج و بەرژەوندی مەسیحییەتی پۆڵس بوو.

جیگەی خۆیەتی مێژوو نوسی بەناوبانگ "وێڵز"بە نمونە بێنمەوە کە لە کورتەی مێژووەکەی دا دەڵێ:-مەسیح وئەم بیرو باوەڕەی ئێستا ئاسمان و ڕێسمان لەیەکەوە دوورن، بەڵام مەسیحیەت ئەمڕۆ بریتیە لەوی کە پۆڵس دایهناوە.

ئەویش کەلە ئەسکەندەریەی لاهوتی دەرسی خوێندوە بۆیە کاریگەری دەستوری بت پەرستی میسریەکانی لەسەر بووە کە ئاینەکەی ئەوان تیدا هاتووە کە مرۆڤ دەبێت بتوێتەوە لە نێوان [باوك و کور و گیانی پیرۆز]دا کە لە ئاینی میسریەکاندا [ئیزیس و هۆرس وسیزاییس] لەوەوە سەر چاوەی گرتوە، ئەگەر سەرنجتان دابێت زۆربەی مەسیحیەکان لە شێوەی خاچێکدا ئەم دەقە لەسەر سنگ و نێو چاویان دەیخوێنن بە ناوی[ باوك وە دایك وە گیانی پیرۆز].

چوارەم: خاڵی کۆتای بریتیە لە دەسەڵاتی کڵێسا کە بەردەوام درێژەی داوە بە ناشرین کردنی شێوەی مەسیحیەت تا ئەو ڕادەیەی وای لە خەڵکی ئەم ئاینە گەیاند بوو دەتوانن لە گوناهەکانیان خۆش بێت لەسەر ئەم زەویەدا هەر لە زەویشەوە بەهەشتیان پێ بفرۆشێت ئەگەر چی خراپەکارو تاوانبار وسەرپێچیان ئەنجام دابێت.

ئەویش بە کڕینی پسوڵەی بەرائەت یان نامەی لێبوردن پاك دەبونەوە دیارە پاپاکان بەڵێنی لێبوردن و لێخۆش بون وسڕینەوەی گوناهەکانیان تیا دەدا دیارە هۆکارەکەشی وەرگرتنی چەند بەستەیەك پارە بوو، چونکە ئەوان خۆیان بە نوێنەری خوا دەزانن ئەوان پیاوانی ئاینی بوون.

ئەمە نەك هەر دوورە لە راستیەوە بەڵکو گاڵتە بازاڕیەکە بە ئاکارە بەرزەکانی مەسیحیەت .

هەر قەشەو پاپاکان بوون حەرامیان حەڵاڵ دەکرد وە یان بە پێچەوانەوە بە ئارەزوی خۆیان ووشەی چاکیان دەبەخشی بە بەگزادەو سەروەت مەندەکان ئەم دەقانەش کە باسمان کرد لە ڕێگەی یەسوعەوە دەسەڵات دراوە بە پیاوانی ئاینی مەسیحیەت بۆ نمونە نامەیەکی سەدەی هەژدە کە لە دائیرەت و مەعاریفی ئەوروپی دا نوسراوە کە بۆ بەگزادەیەك لە بەگزادەکانی ئیتالیا نوسراوە و دەڵێت [ ئەی فڵان کوری فڵان یەسوعی پەروەردگارمان بەزەی بە تۆ بەخشی ئەویش خۆی بە شایستە گەیشت بە ئێش و ئازارەکانی خۆی دا لە خاچ لەبەر تۆ منیش ئەو دەسەڵات و نوێنەرایەتیەم پێ دراوە لە تەواوی گوناهەکانت خۆش بم ئەو دەسەڵاەش کڵێسا فەرزی کردوە وە

من خۆم دەت بوورم لە تەواوی گەناهەکانت و زیادە ڕەویەکانت ئەگەر چی تاوانەکانیشت گەورە بن و بەقەد دەریایەك بنئەوە تۆمان پاك کردەوە لەلایەن پاپای باوکی پیرۆض ووي کورسی نووێنەرایەتیمان پیێ بەخشیت.

........................................................................................................................

تێبینی: هەرچی ووشەی "رب" هەیە کراوە بە "الاب" لە ئینجیلدا

**************************************************************

ئەمەش مشتێك بوو لە خەروارێك لە سەر ئەو بنەمایانەی کە ئاینی یەهودی و مەسیحیەتی ئێستادا هاتوون.

کە ئەم دوو ئەینە کۆتایان پێ هاتووە وە پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد ووتمان پێغەمبەران ڕێگایان بۆ پێغەمبەرانی دوای خۆیان خۆش کردوە بزانین لەم دوو ئاینەدا دەردەکەوێت کە باسی پێغەمبەری ئیسلام کراوە لەم دوو ئاینەدا دێینە سەر باسی ئەوە ئەو دەقانە بێنین کە چۆن باس لەوە دەکەن ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە هەموو ئاینەکان نەسخ بونەتەوە و ئەوەی کە بێگەرد و بێ خەوشە تەنها ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ئەویش لەسەر ئەم بنەمایانە بە چەند ئایەتێك لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا دەیسەلمێنین.

هەڵوەشانەوە و تەواو کردن

[قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (136)لبقره]

[بڵێن: ئێمە پرواامان هێناوە بەخوا و بەوەی وا بۆ ئێمە هاتۆتە خوار، بەوەی بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و ئەسباط هاتۆتە خوار، وە بەوەی وا بە موسا و عیسا دراوە وە بەوەی کە پێغەمبەرانی تر لە پەروەردگاریانەوە پێیان گەیشتوە ئێمە جیاوازیەك لە نێوانیاندا دانانێین وە ئێمە تەنها تەسلیمی فەرمانی خوای تاك و تەنهاین[

گومان لەوەدا نییە کە سەرجەم پەیامە یەزدانیەکان لەسەر یەك ڕێباز پێك دێن و یەك دەگرنەوە هەموو بەرەو یەك ئەنجامیش ملی ڕێگای ڕاستیان گرتوە ئەویش ڕزگار کردنی مرۆڤایەتی و بەندایەتی تاکی مرۆڤە لە خواکانەوە بۆ خوای پاك و بێگەرد ئەویش لە ڕێگەی بنەما باوەڕیەکانەوە کە پێغەمبەران مزگێنی و مژدەیان پێ داون وە یان بە گشتی فرستاد و نێردراوەکانی خوا بانگەوازیان بۆ کردوە.

هەروەك ئاماژەشمان پێ کرد ئا بەو جۆرە تەواوی پەیامەکان بەدوای یەکدا دەڕۆن و ڕیگە بۆ ئاینی دوای خۆی خۆش دەکات وە سیستەم و یاساو نەریتە بۆگەنەکان لەناو دەبات و لەهەر یەك بوون و فراماسیۆنێکی شارستانیەتیدا کە بێتە سەر ڕووی خاکەکەی، تا پرۆسەی بنیات و ڕووناکی تر بهێنێتە گۆڕێ تا ڕووناکی بیرو هزرو ڕۆح دابمەزرێنێت.

مەبەست لە تەواو کردن ئەوەیە کە مرۆڤایەتی کۆتا پەیامی خۆی وەربگرێت لەبەرز ترین و باڵاترین وە پێش کەوتو ترین شکڵ و قاڵب داڕێژراو بێت پرواى شارستانیەتی شیاو و شایستە بێت ئەویش کە مرۆڤەکان لەبەردمیا دەستەو سان بن ئەو پەیامەش کۆتا پەیامی مرۆڤایەتیە.

الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً......سورەتی المائدة ئایەی 3

[ئەمرۆ دینی ئێوەم کامل کرد وە نیعمەتی خۆمم لەسەر ئێوە تەواو کرد وە باشترین ئاینم بۆ ئێوە هەڵبژارد ئەو ئاینەش ئەینی پیرۆزی ئیسلامە].

إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ....... سورەتی ال عمران ئایەتی 19

[ئاین لە لای خوای گەورە تەنها ئیسلامە ]

وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ. سورەتی ال عمران ئایەتی 85

[هارکەسێك جگە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەر دین و ئایدۆلۆژیاو ئاینێکی تر هەڵبژێرێت وە پەیرەوی لێ بکات، ئەوە ئەو کارەی لێوەرناگیرێ و لە دواڕۆژدا لە ڕیزی ڕەنجەڕۆو زیان مەندەکانە]

پەیامە یەزدانیەکان پرۆسەی گەشەکردن و تەواو کاریان لە داهێنانی تەشریعی و شارستانیەتی خۆیاندا لەڕێگای دوو ئاکارەوەیە .
یەکەم : ئاکاری سڕینەوەو هەڵوەشاندنەوەی حوکم: ئەویش بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی شەریعەتێکی پێشو تر وە هێنانە کایەی جێگیرێك کە بریتی بێت لە شەریعەتێکی پشتگیر بۆ ئەوەی جێگای ئەوی تر بگرێتەوە بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە کە بە گورەی سەردەم و کات گۆڕاوە.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجاً وَذُرِّيَّةً وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ**يَمْحُو اللّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ. سورەتی رعد ئایەتی 38،39

[لەڕاسیدا ئێمە بەر لە تۆ پێغەمبەرانێکمان نارد ژن و منداڵمان پێ دابوون وە هیچ پێغەمبەرێک نەبوە بەر لە تۆ نیشانەیەك ببینێت، مەگەر ڕێگەی لەلایەن خوای گەورەوە پێ درابێت وە بۆ هەر ڕۆژگارێك پەرتوکێکمان ناردوە یان (پەڕاو) هارچی خوا بیەوێت لەناوی دەبات و وە هەرچی ئەو ئارەزومەند بێت دەیهێڵێتەوە وە کوڵەکەو کتێبی ئەسڵی بریتیە لە حەڵاڵ و حەرام یان یادی پەروەردگار]

جا هەر بەو جۆرە شەریعەت وپەیامە ئاسمانیەکان بەگشتی کەوتونەتە ژێر باری دیاردەی هەڵوەشاندنەوە مەبەست لە حوکم گۆڕینە، ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامیش لەچوارچێوەی خۆیدا کەوتۆتە ژێر باری بنەمای تەواوکاری زاتی لە ئەحکامەکانیدا.
قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ئەم دیاردە تەشریعیە تەواوکاریەی شەریعەتی ئیسلامی کردوە کە دەفەرمێت :

مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ
سورەتی البقره ئایەتی 106
ئەگەر ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئان هەڵبوەشێنینەوە "نەسخ" بکەین یان لەبیری ببەینەوە ئەوا ئەو ئایەتە هەڵناوەشینینەوە ئەگەر لەو چاکتر یان نمونەی ئەومان نەهێنابێتەوە وە خوای گەورە تواناى بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو هەر خۆی باڵا دەستە .

ئەمە مەبە ست بە گەیشتبە فەرمانڕەوایەتی و حوکمرانیەتییە و گەیشتنە بە بنەما یاسایەکان وە بۆ داڕشتینی بنەما تەشریعیەکان وە چۆن مرۆڤەکان ئاراستە دەکات جۆری ڕەفتارو پەیوەندیان پتەوتر دەکات.
دووەم: ئاکاری پەرەپێدان و گەشەکردن و درێژە کێشان لە ئەحکام و یاساو تێگەیشتن لە چەمکەکاندا: بێگومان هەر پەیامێك کە لەلایەنی خوای گەورەوە بۆ مرۆڤایەتی هاتبێت لە قۆناغێك لە

قۆناغەكانی ژیاندا بووە گومانیشی تێدا نییە خاوەنی بەرفراوانترین ئاسۆ بوون وە سەرتاپا
گشتگیر تر لە ڕێخستنی كۆمەڵگا بوون وە چالاك كردنی مرۆڤ و باڵا ترین لایەنە جۆراو جۆرەكانی
سۆسیۆلۆژی و ئەنتۆنۆژیاو پڕ توانا ترین پەیام بووە لە هەموو سەردەمەكاندا بەگوێرەی
شاستانیەتەكان.

بەم پێیە ئەگەر لەسەر ئەم ڕێچكەیە ووتوێژ بكەین درێژەی ڕەوتی خۆی داوە پەیامە ئاسمانیەكان تا دوا مەنزڵگای خۆی كە كۆتا پەیام پەیامی ێگەردی ئیسلامە كە بۆ حەزرەتی (محمد)پێغەمبەری ئیسلام (درووده سولامی خوای لێبێت) هاتوە كە قورئانی پیرۆز لە فەرمودەیاكی خۆیدا ئەم دیاردە شەریعیە یاسا داڕێژە داهێنانە لە پەیامەكەدا تۆمار كردوەو پەیوەندی نێوان بنەماكانی ڕوون كردۆتەوە كە دەفەرمێت:

وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِناً عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ عَمَّا جَاءكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَـكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ إِلَى الله مَرْجِعُكُمْ جَمِيعاً فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ. سورەتی المائدة ئایەتی 48

[ئەو كتێبە كە بریتیە لە قورئانی پیرۆز ناردویەتیە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر كە هەموو كتێبە ئاسمانیەكانی بە حەق زانیوەو شایەدی داوە بە حەق بۆ هەموویان وە هەموویانی بەڕاست و دروستی پەرتوكە ئاسمانیەكانی دەرخستوە كە وا بوو تۆش ئەی پێغەمبەر لەناو ئەواندا (ئەهلی كیتاب) حوكم بەوە بكەن كە خوا ناردویەی شوێن هەواو ئەرەزوەكانی ئەوان مەكەوە پەیرەویان لێمەكە ئەگەر داواین لێكردی وە بۆ هەریەك لەو گەلانە شەریعەت و بەرنامەو پرۆگرامێكمان ناردوە وە بەندایەتیشمان بۆ دیاری كردبوون وە (ئەگەر خوا بە ویستی ئەزەلی و بڕیاری ئەزەلی بیویستایە) ئەوە هەموتانی دەكردە یەك ئومەت و نەتەوە بەلام خوای گەورە ئەوكارەی نەكرد تا پێشبڕكێ لە ئاكاری خێروچاكەدا بكەن چونكە گەڕانەوەی هەموتان بۆلای خوایە وە ئەو خوایە لە هەرشتێكدا كە ئێوە جیاوازیتان هەیە ئاگادارتەان دەكاتەوە لە سزای ناكۆكیەكان و كارو كردوە خراپەكانتان].

مژدە پێدانی پێغەمبەری خوا (درووده سڵاوی خوای لێبێت)

پاش ئەوەی بۆمان دەركەوت كە سەردەمی دوو ئاینی یەهودی و مەسیحی لە ڕووی واقعیی، مێژووی
كۆتای هاتووە ئوە كات پرۆسەی هەڵوەشانەوەو تەواو كردن دەبێتە كارێكی سروشتی لەبانگەوازی پەیامی خودایدا وەهەر دەبێت مرۆڤ پەنا بەرێتە بەر ئاینێكی تر تا ڕۆحی خۆی تێر بكات.
پوختەی باسەكەمان ئەوەیا كە كۆتای هاتووە بە تەواوی یاسا تەشریعی و ئەحكام و هەموو بنەماكانی ئەو دوو ئاینە كە بەهیچ شێوەیەك كاری پێ ناكرێت وە هەر ئەو دوو ئاینەش مژدەی تەواویان داوە بە هاتنت پێغەمبەری ئیسلام تە خەڵكی ئاگادار بێتەوە كە شوێن ئەو سەرەوەری مرۆڤایەتیە بكەون.

وَلَمَّا جَاءهُمْ كِتَابٌ مِّنْ عِندِ اللّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَاءهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّه عَلَى الْكَافِرِينَ
سورەتی البقره ئایەتی 89

[كاتێك كە قورئان لە لایەن خواوە هات بۆ پێغەمبەر لەگەڵ ئەوەدا كە پەیام و كتێبەكانی ئەوان ئەم قورئانەیان دەسەلماند وە لەگەڵ ئەوەشدا پێش هاتنت و چاوەڕوانی زاڵ بون و سەركەوتنیان دەكێشا بەسەر كافرو خوا نەناسەكاندا بەهۆی دەركەوتنی كۆتا پێغەمبەر( ئەوان لە خوا بە نێوی ئەو پێغەمبەرە داوای سەركەوتن و زاڵ بونیان دەكرد)، بەڵام كاتێك كە هات نیشانەی ئەو پێغەمبەرەیان ناسیەوە بەڵام پروایان پێ نەهێنا دەك نەفرینی خوای گەورە لە كافرو بێباوەڕان بێت]

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ اللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى مِثْلِهِ فَآمَنَ وَاسْتَكْبَرْتُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِين. سورەتی الاحقاف ئایەتی 10

[واتا ئەی پێغەمبەر ئێوە لاتان وایە ئەو كەسانەی كە ئینكاری قورئان دەكەن پێیان بڵێ ئێوە لاتان وایە چ كارێك لەسەر ئەوە دەكات كە ئەم قورئانە پروای پێ بێنن و لەلایەن خوای گەورەوە هاتوە مادام كە ئێوە هەر پروای پێ ناهێنن لە كاتێكیشدا كە شاهێدێكی بەنی ئیسرائیلی (عبدالله كوری سەلام) شایەتی لەسەر حەقیقەتی ئەو قورئانە بدات و پروای پێ بێنێت بەڵام ئێوە لوت بەرزی

دەکەن جگە لەوەی کە بەدەستی خۆتان خۆتان ماڵ وێران دکەن بێگومان خوای گەورە کەسانی ستەمکار ڕینمونی ناکات]

ئەم ئایەتە لەسەر (عبدللە کوری سەلام) هاتە خوارێ کەسێك بوو لە بەنی ئیسرائیل پاشان موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند بە پێغەمبەڕ (درووودو سڵاوی خوای لێبێت) فەرموی لە جولەکەکان بپرسە دەربارەی من بزانە چی بە تۆ دەڵێن دیار بوو ئەو ئازیزە کە پرسی لە وەڵامدا ووتیان (عبدللەی کوری سەلام) لە هەمومان زانا ترو وە دەم ڕاستی هەمومانەو وە گەورەو پێشەوامانە وە کەسێکی بەتوانایە پێغەمبەری خوا (درووودو سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی لەو بپرسن کە سیفەت و وەسفەکانی من لە تەوراتدا بە ڕوونی و ئاشکرای باس کراوە ئەوە بوو ئەویش شایەتی بۆ پێغەمبەر(درووودو سڵاوی خوای لێبێت) داو ئیمانی خۆی ڕآگەیاند .

چەندەها ئایەتی تر هەیە کە باس لەوە دەکات کەلە تەورات و ئینجیلدا کە باسی پێغەمبەری خوا (درووودو سڵاوی خوای لێبێت) کراوە با لێرەدا واز لە دەقە قورئانیەکان بهێنین تا نەڵێن موسڵمانان بە قورئانەکەی خۆیان باڵگە دێننەوە بۆ باسی پێغەمبەرەکەیان، بەڵکو بلَگەی تەورات و ئینجیلی خۆیان بهێنینەوە وە یان ووتو وێژی زاناکانی خۆیان کە لێکۆڵینەوەکانیان لەبەرانبەر پێغەمبەری ئیسلامدا (درووودو سڵاوی خوای لێبێت) کردوە.

پرۆفیسۆری زانای مەسیحی (دایڤید بنجامین کلدانی) کەلەبارەی پێغەمبەری خواوە دەڵێت: تەورات و ئینجیل دەربارەی هاتنی (محمد) (دروود و سڵاوی خوای لێبێت) وا دەڵێت کە لە دەقە ئینجیییەکاندا هێناویەتی جاخت لەسەر کەسایەتی ئەو پێغەمبەرە دەکات مژدەی پێدراوە کە هەواڵێکی سروشییە کە دەڵێت نورێکی درەوشاوە نمونەی درەخشانی خۆر وە نورێک لە( فاران)ەوە هاتووە کە خۆی بریتیە لە (سارانی مەککە) وە ئەم ووشەیەش لە تەوراتدا هاتوە لە بەشی (33)ی تکوین کە لە ڕستەی دوای ئەو دەقە ئاوا نوسراوە [پەوەردگار لە سیناوە هاتوو لە سەعیرەوە بۆیان هەڵهات وە کاتێك لە چیای فارانەوە درەوشایەوە لەدەم کەلەکەیەوە لەگەڵیدا دەهەزار پیاوی پیرۆز هاتن لەدەستی ڕاستی ئاگرێك بوو کە شەریعەتی تێدا بوو هەڵچوو بوو].

جا نوری پەروەردگار تەشبیهی کردوە بە نوری خۆر کەلە خۆی لە سیناوە هاتوە و لە سەعیرەوە بۆیان هەڵهاتوە بەڵام نورەکە لە ماجدی فارانەوە درەوشااوەتەوە کە پێویست بوو دەربکەوێت لەگەڵ دەهەزار پیاوی پیرۆزدا بەدەستی ڕاستی شەریعیتێکی بۆ هەڵگرتبوون.
لە ڕاستیدا لە هیچ سەردەم و کاتێکدا هیچ یەکێك لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل بە مەسیحیشەوە (سڵاوی خوایان لێبێت) هیچ پەیوەندیەکیان بە فارانەوە نەبووە وە فارانیش شاخێکە لای مەککە.
بەڵکو هاجەر لەگەڵ ئیسماعیلی کوریدا لە ناوچەی سارانی فاراندا نیشتەجێ بوون.!

هەروەها لە جیگایەکی تردا لە لاپەڕە (33)دا لەوەحی (ئیسحاحی ئەشعیا) هاتوە کە لە ئیسحاحی (21)ئایەتی (13-17)دەڵێ :ئەم سروشە سروشێکە کە لە تەرەفی ووڵاتی عەرەبەوە شەو نەخونیتان بۆ دەکات و کاروانی ڕاستیتان بۆ دەخاتە ڕێ ئەی دانیشتوانی سەر زەوی کە دەزانن دەگاتە جێ هەریەکە بۆ خۆی بە نانەکەی دەستیەوە هەڵدێت چەنکە ئەوان لەبەرانبەر شمشێرەکاندا و لەبەرانبەر تیرە دابەستراوەکاندا و لەبەرانبەر تین سەندنی جەنگدا هەڵدێن، سەروەر ئاوای پێ ووتم، کەلە ماوەی ساڵێکدا وەك ساڵی (ئەجیر) هەموو سەربازێکی قیدار لەناو دەچێت وە باقی تیر هاوێژەکانی تر، پاڵەوانانی بەنی قیدار هەڵدێن و دەپوکێنەوە.

لە دەقێکدا بە ئاشکرا باس لە پێغەمبەری خوا (درووودو سڵاوی خوای لێبێت) دەکات دەڵێت:
لە داهاتودا هەموو نەتەوەکان دەشڵەقێنم (ئەحمەد) دێت بۆ هەموو نەتەوەکان ئەوجا ئەم هەموو ماڵەکان پڕ دەکات لە سەربەرزی....
پەروەردگاری سەربازان ووتویەتی زیو من خاوەنیم وە زێریش هەر من، ئاوا دەڵێت پەروەردگاری سەربازان لەم شوێنەدا سەلام و ئاشتی دەبەخشم ئاوا دەڵێت پەروەردگاری سەربازان ئەم دەقە لە ئیسحاحی دووەم لە سەفەری حەجی ڕستەی (7-9)دا هاتووە.

پرۆفیسۆر دیڤید بنجامین کلدانی دەڵێت: خۆم هەڵسام بە وەرگێرانی ئەم دەقە کە نوسخەیەکم لە ئینجیلە کۆنەکە لەلا مابوو کە ئەویش ئافرەتێکی ئاشوری ئامۆزای خۆم بەخواستن پێی دابوم وە ئەو بەرگە بە زمانی نیشتمانی باوی ئەو سەردەمە نوسرابووەوە بەڵام با سەیرێکی ووشە تەرجومە کراوەکەی کەلە عیبرییەوە وەرگێراوە ووشەی (حەمدا)یە بۆ (ئەحمەد) بەکار هاتوە ئەویش بەمانای ئومیدو ئارەزو تەرجومە کراوە وە ووشەی (شالوم)یش بۆ (ئیسلام) تەرجومە کراوە وە پاشان

(قسیس. پرۆفیسۆر عبدالاحد) دەڵێت: کاتێك کە ئەم دەقەم بینی یەکسەر بڕوام پێ هێناو زانیم کە (محمد) (درووودو سڵاوی خوای لێبێت) نێردراو و فرستادەی خوایە وە موسڵمان بوونی خۆم ڕاگەیاند ئیتر نکۆڵی و ئینکاریم نەکرد تێیدا چونکە ڕێك گەنجاوە لەگەڵ کەسایەتی (ئەحمەد) و نێردراوی بە ئیسلام هەردوو ووشەی (حەمدا ، شالۆم) یان لە جێگایەکی تردا بە(شەلاماش ) کە دەلالەتن لە سەر مانای هەردوو ووشەی (ئەحمەد وە ئیسلام) .
ئەوەی کە لێ دواین پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد سەردەمی کۆن بوو یان تەورات،بەڵام بێنە سەر ئینجیلە ی کە لەبەر دەستایە بزانین چۆن باسی پێغەمبەری ئازیز دەکات(درودوسڵاوی خوای لێبێت)وێڕای ئەو شێواندنانەی کە ئاشکرا پێوەی دیارە. لە لاپەرە (49-50)ی یوحەنادا هاتووە دێڕی (15-25)دەڵێت ئەگەر ئێوە منتان خۆش دەوێت وەسیەت و ڕاپرسیییەکانم بپارێزن منیش لە باب داوا دەکەم ئەویش "بارقلید" خەبات گێڕێکی ترتان پێ دەداتتا لەگەڵتان بمێنێتەوە بۆ هەتاهەتای .

خەبات گێری گیانی پیرۆز ئەو کەسەیە کە لە دوای باب هەربەناوی من دینێرێت ئەو خۆی هەموو شتێکتان فێر دەکات ئەو شتانەتان بیر دەخاتەوە کە من پێشتر پێم ووتون.

زۆرتان لەگەڵ نادوێم چونکە سەرۆکی ئەم جیهانە بۆ خۆی دێت و کە هیچ شتێك نییە لە مندا هی ئەو نەبێت جا کە ئەو هات ئەو خەبات گێرە لەلایەن گیانی حەقەوە من بۆتان دەنێرم ئەویش هەر لە بابەوە دەردەچێت ، ئەو دەم ئەو شاهیدیش بۆ من دەدات بەڵام من حەقیقەتان پێ دەڵێم ئەو کەسە چاکترە بۆ ئێوە لەوەی کە من دەربچم تا من دەرنەچم وە نەڕۆم ئەو خەبات گێرە نایەت بۆتان، بەڵام گەر من چووم ئەو دەنێرم بۆتان ئەویش هەرکات هات جیهان شمشێر دەگریت بۆ ئەوەی گوناهو تاوان نەهێڵێت و خێرو چاکە لەسەر دادپەروەری و لێپرسینەوە ئەنجام دەدات لەسەر گوناهو تاوان هۆکەی ئەوەیە کە ئەوان بڕوا بە من ناکەن ناهێڵن کە من ڕۆشتم بۆ لای پەوەردگار ناشم بیننەوە بەڵام ئەو سەردارو لێپرسراوە چونکە ئەو سەرۆکی ئەم جیهانەیە خۆی دین و ئاینێکی گرتووە ئەوجا من گەلێ شتی تریشم لەلایە کە پێتان ڕابگەیەنم، بەڵام ئێوە ناتوانن بچنە ژێری و لەئەستۆی بگرن بەڵام ئەو گیانی حەقە کە هات ڕێنمونیتان دەکات و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ هەموو حەق و ڕاستیەك چەنکە ئەو کەسە لە خۆیەوە نادوێت و قسە ناکات وە هەر شتێك لەلای بابەوە بێت پێتان دەڵێت هەواڵی کۆمەڵێك ڕووداوی داهاتوتان پێ ڕادەگەیەنێت ئەو کەسە من سەربەرزو مەزن دەکات چەنکە من هەرچیم هەیە ئەو بۆ خۆی دەبات و وەری دەگرێتەوە هەموو هەواڵێك بە ئێوە دەگەیەنێت.

لێرەدا بە ووردی دەمەوێت چەند خاڵێك بخەمە ڕوو
1- مەسیح (سلاوی خوای لێبێت) وەسیەت دەکات و مژدە دەدات بە هاتنی خەبات گێڕێك و کار سازێك لەدوای خۆی.
2- هاتنی کار سازو ئەو پەیامبەرە بەستراوە بە ڕۆشتنی مەسیحەوە (سڵاوی خوای لێبێت).
3- ئەو کەسە نێردراوە لەلایەن خوای گەورەوە واتا موعجیزەی هەیە.
4- ئەو کەسە هەموو شتێك دەزانێت.
5- ئەو کەسە بە یادی خەڵکی دێنێتەوە ئەوەی کە مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) وتوویەتی.
6- ئەو شایەتی راستگۆی بۆ مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) دەدات.
7- جیهان شوێن ئەینەکەی دەکەون.
8- ئەو کەسە لە خۆیەوە نەدوێت بەڵکو بەوە دەدوێت کە دەی بیستێ.
9- ئەو کەسە هەواڵ بەشتی داهاتوو دەدات.
10- ئەو کەسە مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) سەر بەرزو مەزن دەکات.
11- ئەو کەسە بۆ هەتاهەتای لەگەڵتان دەمێنێتەوە.

کەواتە (تبیان لکل شیئا) بە ئاشکرا هەواڵی ناردنی پێگەمبەری ئازیزە (درووودو سڵاوی خوای لێبێت)
من (11)خاڵم نوسیوە، بەڵام زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە لێی بکۆڵیتەوە.
شتێکی زۆر باڵکێش کە سەرنجی منی ڕاکێشا ئەویش ئەوەیە کە نوسراوە ئاینەکەشی لە جیهان بڵاو دەبێتەوە بۆ هەمیشەی و هەتا هەتای دەمێنێتەوە، دیارە ئەو بیرو باوەڕەی ئێمە زیاتر پتەوتر دەکات. موعجیزەیەکی تر ڕووی داوە ئالەم دەقەدا ئەوەش ووشەی خەبات گێرو کارساز هاتوە ، لە ڕاستیدا تەرجومەی ووشەیەکی شێوێندراوی یۆنانیە کە ئەو زمانەیە کە لە سەرەتادا ئینجیلی یوحەنای پێ نوسراوەتەوە کە ووشەکەش بریتیە لە (بیریکلیتۆس) کە بنەڕەتی ووشەکە بریتیە لە

ووشـەی (ئەحمەد)، بەڵام ووشـە کە لە ئینجیلدا گۆڕاوە بۆ (بارکلیتۆس) کە بنەڕەتی ئەم ووشـەش بە خەبات گێڕو کارساز دێت.
ئامەش بەتەواوەتی ئەو ئایەتە موعجیزەکەیمان نیشان دەدرێت کە خوای گەورە دەفەرمێت لە سـەر زمانی (عیسا) (درودی خوای لێبێت):

وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّراً بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ
سورەتی صف ئایەتی (6)
{کاتێك کە عیسای کوڕی مەریەم بە بەنی ئیسرایلیەکانی ووت منیش هەر پێغەمبەری خوام و ڕەوانەکراوم بۆلاتان، پروام بەوەیە لەبەردەستمدایە لە تەورات هەیە ، مژدەی پێغەمبەرێکتان پێ دەدەم کە پاش من دێت و ناوی (ئەحمەدە) بەڵام کاتێک ئەو پێغەمبەرەی ئێمەیان بۆ هات ولە گەڵ خۆیدا چەندین ئایەت وبەڵگە وموعجیزەی هێنا،ووتیان ئەم (ئایەت وبەڵگەنە قۆرئانەی ) ئەو سحر وئەفسانەیە وجادویەکی ئاشکرایە].
..................................................................................
تێبنی : قەشە (دیڤد بنجامین کلدانی ) بەوەری بە ئیسلام هێناو ناوی خۆی گۆری بۆ پرۆفیسۆر (عەبدول ئەحەد داود) و، خۆی لە هۆزی کلدانیە خوا پەرستەکانی سەر بە کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمانیەو ، خاوەن بەڵگە نامەی[ لیسانسە ]لە زانستی لاهوت دا ، کەپاش ئیسلام بوونی کتێبێکی دانا بە ناوی {موحەمەد لە پەرتوکی پیرۆزدا}.

(فاران) بریتیە لە سارانی مەککە، ئاماژە کردنە بە جێگاو ووڵاتی هاتنی پێغەمبەر حەزرەتی {موحەمەد} [درودو سڵاوی خوای لێبێت ]، کە دەهەزار جەنگاوەری لە مەدینەوە هێنا بۆ گرتنی مەککە، هەروەك هەمومان ئاگامان لە داستانی گرتنی مەککە هەیە.

سەرچاوە:

احمد مصطفى المراغى / تفسير المراغى / بەرگی [6] چاپی [3]
مذاهب فكرية معاصرة/ محمد قطب
محمد المجذب / مشكلات الجيل فى ضوء الاسلام[سقوط الحضارة ، كولن ويلسون]
(العقائدالوثنية فى الديانة النصرانية)
سيد قطب / المستقبل لهذا الدين
کۆمەڵێك لە نوسینەکانی دەستەی نوسەرانی ڕاگەیاندن{بانگەواز}

ماکوان 10.01.2007

www.regayrasty.com